تێبینی: ئەم کورتە نووسینەم ساڵی ٢٠١٢ لە لاپەڕەی فەیسبوکەکەی ئەوکاتەمدا بڵاوکردبۆوە، لێرەدا بە کەمێ دەستکارییەوە دووبارە بۆ ئێوەی بەڕێزیش بڵاودەکەمەوە.

حیزب و حیزبایەتی لەنێو کۆمەڵگە دواکەووەکاندا:
- حیزب وەکو ناو، بە چەند وشە و ناوێک خۆی دەناسێنێت، زۆربەی جار دوا وشەکانی ناوی حیزب بە ناوی نەتەوە و نیشتمانەوە کۆتایی دێت، وەک حیزبی شیوعی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی، کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک).
- ناوی حیزب رەنگ لە بیروباوەڕێک یان ئامانجێک دەداتەوە، وەک : ناسیۆنالیزم، دیموکراسی، مارکسیزم، سۆسیالیزم، سۆسیال دیموکراتی، کۆمۆنیزم، یان بۆ هەڵخەڵەتاندنی زۆرترینی خەڵکی بیرنەکەرەوە و نەخوێندەوار و ساویلکە و خۆشباوەڕ، ناوی ئایینێک یان ئایینزایەک بەکاردەهێنرێت!؟.
- حیزب بە نووسراو بەرنامەیەک و پێڕۆیەکی ناوخۆیی هەیە کە دەبێت پەسەندکراوی هەموو ئەندامانی حیزب بێت، دەبێت لە بەرزترین ئاستەوە تا خوارترین ئاستی پلەوپایەکانی ناو حیزب ملکەچیبن. شایانی باسە بەرنامە و پێڕۆی ناوخۆیی حیزب هیچ کاتێک وەکو ناوەڕۆک و ئامانجەکەی پێڕەویی ناکرێت و کاری پێناکرێت و وەک خۆی جێبەجێ ناکرێت!؟.
- حیزب، کەسایەتییەکی ناودار و بەدەسەڵات و سەرمایەدار دەکاتە سەرکردە و سەرۆک و گەورەی خۆی کە هەموو ئەندامانی سەرەوە و خوارەوەی حیزب دەبێت و پێویستە گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری بن و هەندێک جار لە ئاستی پیرۆزبوون و پەرستنیشدا دەبێت بیپەرستن، لەمەش خراپتر گوێڕایەڵ نەبوون و رەخنەلێگرتنی تابووە یان لێپێچینەوە و سزادان و زەرەرمەند بوونی بەدواوە دەبێت!؟.
- حیزب لۆگۆیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەندێک جار بە نووسین و بە درووشمە یان بە وێنە و نیگارێکە وەک شاخێک یان زنجیرە شاخێک، خۆرێک، مانگێک، گوڵێک، چەپکەگوڵێک، کوترێک، داس و چەکوشێک، خەنجەرێک، شمشێرێک، تفەنگێک یان کاڵاشنیکۆفێکی رووسییە!؟.
- حیزب، بەتایبەتی حیزبی دەسەڵاتدار، لە بەشە بوودجەی میللەت هەمیشە بەشی شێری بەرکەوتووە و بەردەکەوێت، سەرباری ئەمەش، حیزب خۆی خاوەنی کۆمپانیا و پرۆژەی بازرگانی و وەبەرهێنان و پارەپەیداکردن و سەرمایە کەڵەکە کردنە و داهاتی تۆکمە و تایبەتیی خۆی هەیە!؟.
- حیزب لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و دەنگدانەکاندا، هەڵمەتێکی بەرفراوانی پروپاگەندەکردنی سیاسی و خۆ بە پاک و دڵسۆز و بێرکابەر نیشاندان دەدات و بە بۆ ئەم مەبەستە حیزبییە، بە سەدان هەزار تی-شێرت و کاسکێت و مەدالیا و پۆستکارت دەبەخشێتەوە بە وێنە و نیگاری جۆراوجۆر و ئاڵا و لۆگۆی حیزب و وێنەی سەرۆک و ئەندامە بەربژێرەکانی حیزب جادەکان و شوێنە گشتییەکانی شار و شارۆچکە و گوندەکان دەڕازێنێتەوە، بێگومان هەموو ئەم دیاری و بەخشینەوە و رێکلام و چالاکی و رازاندنەوانە، کات و وزە و پارە و خەرجییەکی

زۆریان تێدەچێت کە حیزب بۆ مانەوە و بەهێزبوون و داهاتووی خۆی وەبەرهێنانیان پێوە دەکات!؟.
- حیزب بە تێپەڕبوونی سەردەمێک لە مێژووی بوونی خۆی، بەهۆکاری جۆراوجۆر و بەهۆی هێندێک لە ململانێ و رکابەری و کێشە ناوخۆیەکان و
بەهۆی جوداوازیی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و بۆچوون و هەڵوێست و بیروباوەڕی جۆراوجۆرەوە یان بەهۆکاری نەگونجانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و تاکەکەسی و بنەماڵەییەکانەوە، کۆمەڵێک لەناو خۆی حیزبدا هەڵوێست وەردەگرن و لە حیزب جیادەبنەوە و ناوێکی نوێ لە خۆیان دەنێن و کەسایەتییەکی دیکە بە سەرکردە و سەرۆک و سکرتێر و رێکخەر و فەرماندە و گەورەی خۆیان هەڵدەبژێرن و ناو و لۆگۆ و رەنگ و ئاڵای نوێ و بە کۆمەڵێک دروشم و بەڵێن و ئامانج و هەڵوێستی نوێ و جۆراوجۆرەوە خۆیان دەناسێنن و دێنە گۆرەانی حیزبایەتی کردن و تێکۆشانی سیاسییەوە!؟.
- حیزب لە سەردەمێکی تەنگژەباردا لەگەڵ هەندێک یان لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنەکانی نەیاری خۆیدا دەکەوێتە نێو ململانێ و دژایەتی و رکابەرییەکی توندوتیژ و زبری راگەیاندنەوە کە سەرنجام لە ئاستی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبدا دەبێتە شەڕە جنێو و یەکتری تۆمەتبارکردن و تاوانبارکردن و تۆمەت و بوختان بۆ یەکتری دروست کردن کە سەرەنجام حیزب و چەکدارانی حیزب دەکەونە نێو شەڕ و پێکدادانێکی چەکدارانەی سەخت و خوێناوی و ماڵوێرانکەرەوە کە هەموو جارێکیش سووتەمەنیی ئەو شەڕانە هەر رۆڵە و نەوەکانی خەڵکە هەژار و ساویلکە و داماوەکە دەبن و بە سەدان بە هەزاران لە چەکدار و ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکان بە دەستی یەکتری بەکوشت دەدرێن یان دوژمندار و کەمئەندام و دەربەدەر و ماڵوێران دەکرێن، پاشانیش دوای ماندووبوون و لاوازبوون و کوشتوکوشتار و زیان و ماڵوێرانبوونێکی زۆر، سەرکردە و سەرکردایەتی حیزبە نەیار و بەشەڕهاتووەکان، دەکەونە پرۆسەی گفتوگۆکردن و ئاشتبوونەوە و ئاشتەوایی گشتییەوە و دوای چەندین کۆبوونەوەی سەرکردە و سەرکردایەتییەکان لەگەڵ یەکتریدا، ئاشت دەبنەوە و لەنێو خۆیاندا رێکدەکەونەوە و ئەم چالاکییەشیان بە دڵسۆزی کوردایەتی و خزمەت بە میللەت دەفرۆشنەوە. شایانی باسە سەرکردە و سەرکردایەتییەکانی حیزبەکان، خۆیان و نەوەکانیان و کەسە هەرە نێزیکەکانیان بە بەبێ زیان و بە سەرکەوتوویی، لە ئانجامی رووداوە کارەساتبارەکان رزگار و سەرفرازدەبن و بە پارێزراوی لە سەرەنجامی شەڕەکان دێنەدەرەوە و خۆیان لە هەموو شەڕ و کارەساتەکان بێبەری دەکەن و ئینجا تا ئاڵۆزبوونی بارودۆخێکیتر و شەڕ و پێکدادانێکیتر، چەکداران و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە چارەنووسی خۆیان دەسپێرنەوە!؟.
- لە هەموو سەردەمێکدا حیزب و حیزبایەتی بۆ کۆمەڵێک لە کەسانی خۆپەرست و بەرژەوەندپەرست و خۆدەرخەر و لێزان و بەئەزموون، دەبنە سەرچاوە و مایەی دەسەڵاتداربوون و دەوڵەمەندبوون و سەرمایەداربوون و خۆشگوزەرانبوون و ژیانی شاهانە و گەشتوگوزار و رابواردن، بە پێچەوانەی ئەمانیشەوە، حیزب و حیزبایەتی بۆ کۆمەڵانێکی هەرە زۆری خەڵکی بیرنەکەرەوە و ساویلکە و خۆشباوەڕ و هەژار و داماویش، دەبنە سەرچاوە و مایەی لەناوچوون یان گیران و ئازار و ئەشکەنجە چەشتن و دوژمنداربوون و کەمئەندام بوون و دەربەدەربوون و ماڵوێرانبوون. لە مێژووی حیزب و حیزبایەتی کردنی کورددا، نموونەی ئەم رووداو

و شەڕ و کارەساتانە زۆرن، وەک دوژمنایەتی و شەڕی یەکتر کوشتنی چەکدارانی جەلالی- مەلایی لەژێر ناوی باڵی پارتی و باڵی مەکتەبی سیاسی، شەڕی چەکدارانی حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی رۆژهەڵاتی کوردستان، شەڕی نێوان قیادەی مۆقەتەی پارتی و حیزبی دیموکراتی کوردستان-رۆژهەڵات، شەڕەکانی نێوان چەکدارانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ چەکدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق و پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) دا.

- سەرباری هەموو ئەو رووداوە کارەساتبارانەی حیزب و حیزبایەتیی کوردی، سەرکردە و سەرۆک و سکرتێر و رێکخەری بزووتنە و سەرۆکی لیست و بەگشتی سەرۆک و گەورەی لایەنە سیاسییەکان پیرۆز دەکرێن و دەپەرسترێن، سەرنجام سەرۆک حیزب و حیزبایەتی جێگەی نەتەوە و نیشتمان و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری دەگرنەوە!؟.

دوا وشە:

- حیزبە کوردی و کوردستانییەکان و حیزبایەتی کردنی کورد لە رابووردوودا جگە لە ململانێی ناڕەوا و ناکۆکیی سیاسی و شەڕ و پێکدادانی چەکدارانەی ناوخۆیی، هیچیتریان بۆ کورد و کوردایەتی بەبەرهەم نەهێناوە، لە هەموو ئەمانەش خراپتر و کارەساتبارتر، لە مێژووی سەرهەڵدانی حیزب و حیزبایەتی کردنی کوردیدا، هەتا ئێستا سەرکردە و سەرۆکێک و گەورەیەکی حیزبی یان سیاسییەکی کوردی و کوردستانی، نەیانتوانیوە بەرهەمێکی هزری/فکری و سیاسی و مێژوویی راست و راستگۆیانە و بابەتی و ئەکادیمی بەبەرهەم بهێنێت کە پرسی رەوای نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان بە شێوە پێویست و راست و رەواکەی بە جیهان بناسێنێت و لەسەر ئاستی زانکۆ بەناوبانگەکان و ناوەندە ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەکانی ناوچەیی و جیهانی، ناسراو بێت و شایستەی گرنگیپێدان و جێگەی بایەخپێدان و تێرامان و لێکۆڵینەوە بێت!؟

- لە کۆتاییدا هەر کاتێک ئێمەی کورد توانیمان بگەینە ئەو ئاستی دڵسۆزی و هۆشیارییەی کە بەرەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی ئازادیخواز و سەربەخۆییخوازی یەکگرتوو و هاوئامانج و هاوهەڵوێست پێکبهێنین، ئەوکاتە دەکرێت و دەتوانین یەکەم هەنگاو بەرەو ئازادی و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوە و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان بهێنین. بەهیوا و ئاواتی ئەو رۆژەین.

برای دڵسۆزتان: بەختیاری شەمەیی